# هەواڵ

## فەرمانبەرێک دەستگیردەکرێ

ڕۆژی ٤-٤-٢٠٠٧ فەرمانبەرێکی کشتوکاڵی ناحیەی سەروچاوە بەناوی (ع) لەرقی ئەوەی کە کوڕەکەیان لەقوتابخانە دارکاری کردووە دەچێتە سەرجادەی گوندی نواوەی خۆشناوەتی و ڕێگە لەمامۆستاکان دەگرێ و سوکایەتیان پێدەکات و هەرەشەی ئەوەیان لێ دەکات ئەگەر جارێکی تر هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کوڕەکەی خراپ بێت ئەوە کاردانەوەی خراپی دەبێت، هەر بۆ ڕۆژی دوای مامۆستاکان سکاڵا لە پۆلیسی سەروچاوە لەدژی ناوبراو تۆماردەکەن و دەستگیردەکرێ، دوای ئەوەی کەس و کاری گیراوەکە تکا لە لەمامۆستاکان دەکەن، ئەوسا مامۆستاکان لێی خۆش دەبن ، دوای سێ ڕۆژ ئازاد دەکرێ.

## پشدەر: نەبوونی گاز نارەزایی لێدەکەوێتەوە

گوندنشینانی دەشتێوی دەڤەری پشدەر بەهۆی دابین نەکردنی گاز بۆ هەردوو موەلیدەکەیان کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا لقی پارتی و مەڵبەندی یەکێتی پێیان بەخشیبوون، نارەزایی خۆیان دەردەبڕن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سێ مانگە بێ کارەبان. ئەوان جەخت دەکەنەوە کە چەندین جار لایەنی پەیوەندیدار لە کێشەکە ئاگادارکراونەتەوە کەچی ئاوریان لێ نەدراوەتەوە، لەو بەستێنەدا خەڵکەکە ئەمە بەپەراوێزخستن دەزانن و بەرپرسانیش بە بێ بەڵێن و کەم وەفا ناو دەبەن .

## لاوێک دەسوتێ

ڕۆژی ٤-٤-٢٠٠٨ لاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵ بەناوی (ب.ح) لەگەرەکی ڕاپەرینی ڕانیە بەئاگری تەباخی غاز جەستەی دەسوتێ، مخابن لەبەر ئەوەی ڕێژەی سوتانەکەی زۆربوو هەمان ڕۆژ گیانی لەدەستدا.

## ئافرەتێک دەسوتێ

ڕۆژی ٧-٤-٢٠٠٧ ئافرەتێک بەناوی (م.ا) دانیشتووای گەرەکی ڕاپەرینی شاری ڕانیە بەئاگری پەرەمێز دەسوتێ و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکری، بەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەی دوای دوو ڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە گیان لەدەستدەدا.

## وڵاتیەک دەکوژرێ

هەواڵەکان: ڕۆژی ٦-٤-٢٠٠٧ وڵاتیەک بەناوی (ئا.ئ) تەمەن ٣١ ساڵ دانیشتووی لەقەڵادزێ بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە دەکوژرێ ، بکوژەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دستگیرکراوە و ڕووبەرووی دادگە دەکرێتەوە.

## چەند گەنجێک دەستگیر دەکرێن

ڕۆژی ٦-٤-٢٠٠٧ ڕۆژی هەینی لەسەیرانگەی دوکان کێشە لەنێوان چوار گەنج و خێزانێکی دانیشتووی سلێمانی ڕوودەدا، کێشەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەنجەکان بە مۆبایل وینەی ئەم خێزانەیان گرتووە، دوای ئەوەی پۆلیس گەنجەکان دەستگیردەکات و ڕادەستی دادگەیان دەکات .

## گەنجێک خۆی دەکوژێ

ڕۆژی ٧-٤-٢٠٠٧ لاوێک بەناوی (ڕ.م) ، تەمەن ٢٦ ساڵ، دانیشتووی ناحیەی خەلیفان بەهۆی ئەوەی چەند جارێک داواکەی لە لایەن باوکیەوە ڕەت دەکرێتەوە و باوکی ئامادە نابێ کە ژنی بۆ بخوازێ ، ئیدی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات و خۆی دەکوژێ.

## ژنێک دەسووتێ

ڕۆژی ١٠-٤-٢٠٠٧ ژنێکی تەمەن ٢٦ ساڵی بە ناوی ( د.ک.م) دانیشتووی گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر کە چوار منداڵی هەیە سووتا .

زانیاریەکان هۆکاری سووتانەکەی بۆ کڵپەکردنی پرێمز دەگێڕنەوە ، دەڵێن لەبەر نەبوونی گاز هەوڵیداوە بە پرێمز چێشت لێبنێ ، بەڵام کڵپەی کردووە و گری تێبەربووە ، بەوهۆیەوە ڕێژەی زیاتر لە ٧٥%ی سووتاوە و دواتریش گیانی لەدەست داوە .

# نوێنەری بەری گۆڕان بەشداری لە ساڵیادی حشع دەکات

ڕۆژی ٨-٤-٢٠٠٧ بەبۆنەی حەفتاو سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق لە هۆڵیماڵی عێراقیەکان لە شاری ڤێنای وڵاتی نەمسا ئاهەنگێک بەڕێوەچوو ، بەرەی گۆڕان بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگەدا بانگهێشت کرابوو ، بەو هۆیەوە شاندێکی بەرەی گۆڕان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ( جەوهەر میراودەلی و دکتۆر جەلال و هەژار دۆسکی) بەشداریان لە ئاهەنگەکەدا کرد . لەو ئاهەنگەدا وتاری هاوبەشی حزبی شیوعی عێراق و کوردستان پێشکەش کران ، پاشان باڵیۆزخانەی عێراق لە نەمسا وتاری خوێندەوە، هەروەها وتاری بەرەی گۆڕان لەلایەن هەڤاڵ جەوهەر میراودەلی نوێنەری بەرەی گۆڕان لە ئەوروپا پێشکەش کرا، نوێنەری بەرە لە وتارەکەیدا پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق کرد ، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شیوعیەکانی عێراق راستگۆیانە رامانی خۆیان سەبارەت بە کێشەی کوردستان دیارکردووە ، بە درێژایی ساڵانی رابردوو شان بە شانی هێزە کوردستانیەکان بۆ ڕووخاندنی رژێمی بەعس تێکۆشاون ، ئەمەش مایەی ڕێز و پێزانینی هەموو کوردستانیانە . هەروەها نوێنەری بەرەی گۆڕان جەختی لەسەر کاری هاوبەشی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردەوە .

## کۆبونەوەی ژمارەیەک لە حزبە کوردستانیەکان

کاتژمێر ١٠ سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٧/٤/١٤ لەسەر بانگهێشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ ژمارەیەک لە حزبە کوردستانیەکان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسلێمانی بەڕێوەچوو، سەرەتای کۆبوونەوەکە بەرێز گرتن لە قوربانیانی ئەنفال و دواتر رەوشی ئەمنی و سیاسی عێراق و کوردستان و ناوچەکە تاوتوێ کراو هەمووان بەگرنگییەوە لەسەر ماددەی ١٤٠ کە تایبەیەت بەکەرکوک ڕاوەستان و نیگەرانی و بێزاری خۆیان بۆ خۆدزینەوەی حکومەتی عێراقی لەئاست جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەربڕی، هەروەها تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە تاوتوێکردنی ئەو ئەنجوومەنە باڵایەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان بوو، هەمووان ئەم دەزگایەیان بەبازدان بەسەر دیموکراسی و دامەزراوەی پەرلەمان لە قەڵەمدا، ئەوەی شایانی باسە وەفدێکی مەکتەبی سیاسی حزبمان حزبی رزگاری کوردستان بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوو.

## کۆنفراسێک سەبارەت بە ئەنفال لە نێو پەرلەمانی سوید بەڕێوەدەچێ

دوای ئەوەی ڕێکخراوی چاک بۆ ناساندنی ئەنفالکردنی کوردان وەک جینۆساید هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستپێکردو توانی واژۆی ٤٠ ئەندامی پەرلەمانی سوید مسۆگەر بکات ، ئیستا بە هاوکاری پاتی چەپی سوید بڕیار وایە ڕۆژی ٦-٥-٢٠٠٧ کۆنفرنسێک سەبارەت بە ئەنفال لەنێو تەلاری پەرلەمانی ئەو وڵاتە بە ڕیوەببات . بەگوێرەی زانیاریەکان بڕیاروایە نوێنەرانی پارتەکانی سویدی و چەندی کەسایەتی ناسراوی کوردستانی وەک دکتۆر یاسین بەشداری تێدا بکەن ، وا پێشبینی دەکرێ بەهۆی ئەو کۆنفرانسەوە ژمارەیەکی دیکە لە پەرلەمانتاران و کەسایەتی سوید واژۆ لەسەر هەڵمەتی ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید دا بکەن .

## پشدەر: گوندنشینان کۆچ دەکەن



گوندی شیوەرەز دەکەوێتە سنوری پشدەر لەساڵی ١٩٧٨ گواستراوەتەوە بۆ ژاراوەو دوای بۆ کەورگۆسک دوای ڕاپەرین ١٩٩١ گوندەکە نۆژەن کراوەتەوە ، ئێستا (٥٥) ماڵی لێ نیشتەجێیە، کەچی بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاری پێویست و تێکچونی پرۆژەی ئاو خەڵکی گوندەکە بەرەو شار کۆچ دەکەنەوە، ئەوان لەوە نیگەرانن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕیان لێنادەنەوەو هاوکارییان ناکەن ، ئەمەش بێ ئومێدی کردوون، لەوانەیە ئەگەر چارەسەرێکی بەپەلە و پێویستی بۆ نەدۆزرێتەوە ئیدی گوندەکەیان بەچۆڵی بمێنێتەوە.

## ڕاپەڕین : دابەشکردنی زەوی کێشەی لێدەکەوێتەوە

بەمەبەستی ڕێگە چارە بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون لەدەڤەری ڕاپەڕین شارەوانی ڕانیە ساڵی ڕابردوو ٤٨٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی ئیفراز کردو دابەشی سەر فەرمانبەران و کارمەندان کرد بەڵام جوتیارانی هەردوو گوندی هەنجیرەو تیتۆکە خۆیان بەخاوەنی ئەم زەویانە دەزانن و لەحکومەت داوای قەرەبوودەکەن ، ئەوان زەویەکانیان بەسەرچاوەی بژێوی خۆیان دادەنێن و بەمیراتی باوک و باپیریان دەزانن ، بەڵام ئەوان پێشتر زەویەکانیان تاپۆ نەکردووە ، ئەمەش بەمەبەستی خۆ دزینەوە لە باج بووە ، ئێستا حکومەت ئەوان بە خاوەنی زەوی ناناسێ ، ئەوانیش هەڕەشە لەو کەسانە دەکەن کە زەویەکان وەردەگرن .

## دوو مۆزیکژەن سکاڵا لەسەر جەمشید تۆمار دەکەن

ڕۆژی ١١-٤-٢٠٠٧ هونەرمەندی مۆزیکژەن **عیماد شوکر** ئاشکرای کرد لەبەر ئەوەی هونەرمەند جەمشید پشکی لەو هاوکاریە پێنەداوە کە لەلایەن دەستەڵاتدارانی کوردستانەوە پێی دراوە، سکاڵای یاسایی لە دادگەی هەولێر لە دژدا تۆمارکردو بەمافی ڕەوای خۆیشیدە زانێ کە بەشێک لە داهاتی ئاهەنگەکانی جەمشید بەو بدرێ، دوای ئەوە هونەرمەندی مۆزیکژەن **محەمەد یاسین**یش داوایەکی یاسایی لەسەر جەمشید تۆمارکرد.

هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو دوو مۆزیکژەنە خۆیان بە زەرەرمەند دەزانن کە هاوکاریان لەگەڵ جەمشیدا کردووەو هیچیشیان پێنەدراوە ، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە جەمشید ٢٥٠ هەزار دۆلاری لە پاداشتی ئەو ئاهەنگانەدا وەرگرتووە.

# ڕێکار ئەحمەد لە کۆڕێکی سەبارەت بە ئەنفال دا

کاژمێر ١٣ی ڕۆژی ١٤-٤-٢٠٠٧ لەپێوەندی ڕۆژی ئەنفالکراوەکان، بۆ ڕێگرتن لە قوربانیانی شاڵاوی ئەنفال کە رژێمی بەعس دژ بە کوردستانیان لەساڵی ١٩٨٨ بەڕێوەی بردبوو،کۆمیتەی هاوکاری کۆمەڵە کوردیەکانی شاری لینشۆپینگی وڵاتی سوید سیمینارێکی بۆ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبمان ، حزبی رزگاریی کوردستان پێکهێنا .

کۆڕەکە بە خولەکێک وەستانی بێدەنگ بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ، بە تایبەتیش بۆ گیانی پاکی ئەنفالکراوەکان دەستی پێکرد، پاشان لەلایەن ئامادەکاری سیمینارەکەوە بەخێرهاتنی کۆڕگێڕ و میوانان کرا و کورتەیەک لە ژیانی کۆڕگێڕ پێشکەش کرا ، پاشان کۆڕگێڕ بابەتەکەی خۆی سەبارەت بە ئەنفال و ئەوانەی دەربارەی ئەنفال دەگوترێن پێشکەش بە ئامادەبوون کرد.

کۆڕگێر ماوەی یەک سەعات سەبارەت بە مێژووی قۆناغەکانی ئەنفال و مەبەستەکانی رژێم لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەو خەمساردیەکانی نێودەوڵەتی و هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەبەرانبەر ئەو تاوانەدا دوا . دواتر ئامادەبوان بە سەرنج و پرسیار و تێبینیەکانی خۆیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد.

ئەوەی شیاوی باسە سیمینارەکە لە هۆڵی ریدسکولان بەڕێوەچوو، تا کاتژمێر ١٧ بەردەوام بوو..

# هەواڵی سەیر

ڕۆژی ٩-٤-٢٠٠٧ چەند کەسێک بە مەبەستی سەیران دەچنە سەیرانگەی وەجاخی نزیک شاری کەرکوک.، لەوی دوای ئەوەی کە سەریان گەرم دەبێ، لەسەر ململانێی حزبایەتی لەنێوخۆیاندا بەشەڕدێن، لەئاکامدا یەکێک بەناوی (ر.ک) ، خەڵکی ناوچەی (شوان) وەبەر چەقۆو دەدرێ و دەکوژرێ. شایانی باسە هەر لەو سەیرانگایەدا چەند ڕۆژ پێشتریش بەهۆی شەڕو تەقەکردنەوە وڵاتییەک لەناوبژیدا کوژرابوو !

* سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی لەقەزای چەمچەماڵ هەندێ پارەی دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەرێتی پەروەردە، لەبەر نەبوونی و لەجیاتی قەرزەکە (کۆمپیوتەرێک و تاقمێ قەنەفە)ی دەدەنێ.. بەڵام هەواڵنێرمان ڕوونی نەکردۆتەوە ئەوانەی بە نرخی بازاڕ پێفرۆشراوە یان خاترانەی پێکراوە !

* ڕۆژی ٥-٤-٢٠٠٧ لەناو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی گشتی کەرکوکدا کۆمەڵێ بۆ تاکە ئیمزایێک ڕاوەستابوون و چاوەڕێی بەرپرسی بەشەکەیان دەکرد ، دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا پێیان وتن قارداش (ق) لێرەنییەو لەلایەن (بەرەی تورکمانی) یەوە بۆ تورکیا نێردراوە .

شایانی باسە بەرەی تورکمانی هەر ناوە ناوە لەکەرکوک و بەبێ پرسی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا، بەناوی دەرەوە کەسانی خۆی بۆ تورکیا دەنێرێ ، ئەوانیش ماوەیەک لەوێ پەروەردە دەکرێن و دوایی دێنەوە !

* لەقەزای چەمچەماڵ چەند پۆلیسێک چووبوون تاوانبارێک بگرن، بەڵام ئەو خۆی بەدەستەوە نەدابوو ، چەکی لێڕاکێشابوون ، ئەمانیش نەیانوێرابوو نزیکی بکەونەوە، بەو هۆیەوە خەڵک گاڵتەی پێکردبوون. یەکێک لەپۆلیسەکان وتبووی: بۆ گاڵتە ئەکەن ئەو ڕۆژە (فلان) کەسمان گرت کە هەموو چەمچەماڵ ئەیناسێ کەچی لەپۆلیسخانە دایان ناو (چای)یان بۆ بانگ کردو خزمەتیان کرد !

* کاتژمێر ٣,٤٠ی ڕۆژی ٨-٤-٢٠٠٧ لەبەنزینخانەی شۆڕش ئۆتۆمبیلێکی زۆر ڕیزیان گرتبوو، کارەکەش بە ئاسایی دەرۆیشت، بەڵام لە ناکاو (پەترۆل)ێکی بێ ژمارە بێ ئەوەی حساب بۆ کەس بکات خۆی گەیاندە بن(پەمپەکە) و لەجیاتی (٥٠لیتر) (١٠٠ لیتر)ی وەرگرت. دوای ئەو ئیدی بەهبەهان و ئۆپلێش لاساییان کردەوە ، بەوهۆیەوە ریزگرتن تێکچوو ! ئەوەی شیاوی باسە ئەو بەنزینخانەیە بۆ پیکابەکان تایبەت کراوە !

* ماوەیەکە (کەر و سەگ)ی بەرەڵا لەسەر جادەی نێوان کەرکوک و سلێمانی بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێن. کاتژمێر ١٦ی ڕۆژی ١١-٤-٢٠٠٧ لەنێوان ناحیەی قەرەهەنجیرو کەرکوک پاسێکی ١٢ نەفەری لە (کەر)ێکی دا، بەوهۆیەوە پاسەکە وەرگەڕاو سەرجەم سەرنشینەکانی بریندداربوون ، ڕۆژی دواتر واتە ١٢-٤-٢٠٠٧ لەنێوان چەمچەماڵ و تەکیە سەیارەکی کراون لە سەگێک داو وەرگەڕا !

* وڵاتی "عەبدلوقادر محەمەد" چەند ساڵ لەمەوبەر خانوویێک لەگەرەکی قەرە هەنجیریەکانی ناحیەی شۆڕش کڕیبوو، هەڵیوەشاندبۆوەو لەسەر زەویەکەی خانوویکی دروست کردبۆوە، کەچی لەم ڕۆژانەدا کوڕەکانی کۆنە خاوەنی زەوییەکە چوونەتە سەری و هەڕەشەیان لێ کردووە و داوای پارەی زیاتریان لێکردووە ، کێشەکەیان چۆتە لای دادوەر، بەڵام چارەسەر نەکراوە بۆ بەشی کۆمەڵایەتی لایەنێک گێڕدراوەتەوە !